**به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

# بەرنامەی لیستی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان ژمارە (١٤٧) بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

**هاونیشتیمانییانی بەڕێز..**

**دەنگدەرانی ئازیز..**

**ئیسلامخوازانی کوردستان..**

کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، وەك هێزێکی سیاسیی کاریگەری سەر گۆڕەپانی کوردستان، هەمیشە خۆی لە بەرەی میللەت و خەڵکانی مافخوراو و ستەملێکراوی کوردستاندا بینیوەتەوە. چ لە قۆناغی بەشداریی سیاسی و چ لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبوونیشیدا، بە پڕۆژە و دەستپێشخەریی سیاسی و بەرنامەی گونجاو و پێشکەوتوو، بەردەوام داکۆکیکاری سەرسەخت بووە لە مافە ماددیی و مەعنەوییەکانتان، هەروەها بە ئامانجی هێنانەدیی دادگەریی و خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی و ڕاستکردنەوەی هەڵە و گەندەڵی و ناڕێکییەکانی پرۆسەی بەڕێوەبردن و حکومەتداریی لە هەرێمی کوردستان، هەمیشە لە پێشەوەی هێزە سیاسییەکانی دیکەوە بووە.

خوای پەروەردگار پشتیوان بێ بە لیستی ژمارە (١٤٧) و لە ژێر دروشمی (ڕایاندەگرین)، بەرنامەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنەی ئامادە کردوە، کە خواست و داواکاریی سەرجەم هاونیشتیمانیی و دەنگدەرانە بۆ پەرلەمانتاران و نوێنەرانی داهاتووی لە پەرلەمانی کوردستان، تێکڕای خاڵ و بڕگەکانی ئەم بەرنامەیە لە بەرژەوەندیی ئێوەی هاونیشتیمانیی ئەم هەرێمەدان و لە پێناو چارەسەری ریشەیی قەیرانە سیاسی و ئابووریی و خزمەتگوزارییەکان و کۆتاییهێنان بە ستەم و قۆرخکاریی و هەژموونی گرووپ و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کراون.

کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی بڕگە و پڕۆژە چاکسازییەکانی، چاوەڕوانی لە ئێوەی دەنگدەری بەڕێز هەیە کە بە گوڕوتینێکی زۆرەوە لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٤/١٠/٢٠ بەشداریی بەرفراوان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن و بەو بەشدارییەتان ئاواتی ستەمکار و ناحەزان تێکبشکێنن و دەنگەکانتان بدەن بە لیستی ژمارە (١٤٧)ی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان و کاندیدەکانی، دەست لە دەست و قووەت لە خوا لە پێناو سەرخستنی ئەم بەرنامەیەدا.

# بڕگەکانی بەرنامەی لیستی (١٤٧)ی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان

## یەکەم: بنەما گشتییەکان:

١. پاراستنی ناسنامەی مسوڵمانێتیی خەڵکی کوردستان و ڕێگریکردن لە دەرچواندنی هەر یاسا و بڕیارێک کە پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی شەریعەت و ماف و ئازادییە گشتییەکان بێت.

٢. ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنەوەی کێشە دروستکراو و هەڵپەسێردراوەکان و سەروەرکردنی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، هەروەها دانوستانکردن لە ژێر چاودێریی پەرلەمان، لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و شایستەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و پارێزگارییکردن لە قەوارەی دەستووریی هەرێم.

٣. هەوڵدان بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، لە ژێر ڕۆشنایی بنەما دەستوورییەکانی عێراق و بە ڕەچاوکردنی ئاینی زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان.

٤. بە بانکیکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا بەرکارەکان و بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ مووچە، بەجۆرێک مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم وابەستەی هیچ کێشە و گرفتێکی یاسایی و ژمێریاریی و دارایی و ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا نەبێت و مانگانە لە کاتی خۆیدا بگاتە دەستی مووچەخۆران.

٥. کۆکردنەوەی سەرجەم داهاتی هەرێمی کوردستان لە یەک خەزێنەی پارێزراوی دوور لە دەستی حزب لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت و وەزارەتی دارایی و چاودێریی پەرلەمان و دیوانی چاودێریی دارایی، بە پێی بنەما یاساییەکان و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان.

٦. کۆتاییهێنان بە هێز و چەکداری حزبی و کارکردن بۆ دروستکردنی دامەزراوەی نیشتیمانی و هەڵوەشاندنەوەی هەر پێکهاتەیەکی ئەمنی و سەربازیی سەر بە حزبەکان، بۆ ئەوەی کوردستان خاوەنی دامەزراوەی نیشتیمانیی شایستە بە پاراستنی هەرێمی کوردستان و سەر و ماڵی هاووڵاتیان بێت، هەروەها دوورخستنەوەی دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکان لە ململانێی سیاسی و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی.

٧. ڕەتکردنەوەی هەموو جۆر و شێوازەکانی توندوتیژیی و تیرۆر و تۆقاندن، بە هەرناوێکەوە و لە لایەن هەر کەس و تاقمێکەوە ئەنجام بدرێت، هەروەها فراوانکردنی مەودای ئازادی و ئازادییە گشتیەکان لە چوارچێوەی بنەما دەستوورییەکاندا.

٨. پاراستنی خێزان و بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پیلان و بانگەشەیەک بۆ هاوڕەگەزبازیی و لادانی ڕەوشتیی، بە پێی فیترەتی پاکی مرۆڤ و بنەماکانی شەریعەت و دەروونی تەندروست و پاراستنی ئاداب و نیزامی گشتی.

٩. دەرکردنی یاسایەکی نوێ و پێشکەوتوو بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، لە ژێر ڕۆشنایی بەندەکانی دەستووری عێراق و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە تیایدا ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریی بکرێت، لە پێناو دەستاودەستکردنی دەسەڵات و بەرجەستەکردنی ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان و ڕێگرتن لە ساختەکاریی و دەستتێوەردانی حزبی.

## دووەم: سیاسەت و بەڕێوەبردن:

١. چالاککردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی: (پەرلەمان، دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی نەزاهە)، لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بنەبڕکردنی بازرگانیی سیاسی.
٢. چەسپاندنی ماف و ئازادییە سیاسییەکانی هاووڵاتیانی کوردستان، وەك (مافی خۆپیشاندان و گردبوونەوە).
٣. دابەشکردنی داهاتی گشتی بەپێی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستییەکانیان بە سەر پارێزگا و یەکە ئیدارییەکاندا، بە ڕەچاوکردنی سیستمی لامەرکەزیی.
٤. ڕێگرتن لە تاڵانفرۆشکردنی نەوتی خاوی کوردستان و بەرهەمەکانی و دەرهێنانی لە دەست کەس و حزب و بەکارهێنانی لە باشکردنی گوزەرانی هاووڵاتیاندا، ئەمەش بە هەموارکردن و پاشان کاراکردنی یاسای نەوت و گاز لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراق و بڕیارە یاساییەکان لەوبارەیەوە.
٥. هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بڕیار و ڕێنماییەکانی لایەنی پەیوەندیدار کە تایبەت بە زیادکردنی باج و ڕسومات و پێبژاردن بە نایاسایی دەرچوون و زیاد کراون و ڕێکخستنەوەیان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.
٦. دامەزراندنی سیستمێکی بانکیی حکومیی هاوچەرخ بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی دراوی نەختینە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بانکی بە هاووڵاتیان و مووچەخۆران.
٧. کارکردن بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی کوردستان و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ئیتحادیی بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەکاربهێنرێت و هەموو تاکێک پشکی هەبێت تیایدا.
٨. چالاککردنی ئەنجومەنی ڕاژە و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی دامەزراندن و بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست و پڕکردنەوەی کەموکوڕیی میلاکاتی فەرمانگەکان، بە ڕەچاوکردنی شەفافیەت و پەیڕەوکردنی سیستمێکی عادیلانە و دوور لە دەستتێوەردانی حزبیی.
٩. ڕێگریکردن لە دامەزراندنی حیزبیی لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە دەبنە بار بەسەر موچەخۆرانی ڕاستەقینە و مافی کەسانی شایستە دەخۆن کە حەقی خۆیانە دابمەزرێن.

## سێیەم: کاروباری یاسایی:

١. بەهێزکردنی هەماهەنگیی نێوان هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی)، بە شێوەیەك هیچ یەکێکیان هەژموونی بەسەر ئەوی دیکەدا نەبێت.
٢. پارێزگارییکردن لە شکۆ و پێگەی دامەزراوەی پەرلەمان وەکو مەرجیعی باڵای خەڵکی کوردستان، بە جۆرێك هیچ کەس و لایەنێك بۆی نەبێت دەسەڵاتەکانی پێشێل بکات و سەرجەم دامەزراوەکان ملکەچ بن بۆ چاودێریی پەرلەمان.
٣. پاراستنی پێگەی یاسایی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی، کە بە یاسایەکی تایبەت پارێزگاریی لە ماف و ئازادییە سیاسییەکانیان بکرێت و دەرفەتی نوێنەرایەتییان هەبێت.
٤. بەهێزکردنی ڕۆڵی داواکاری گشتی و پێدانی دەسەڵاتی تەواو پێیان بە تایبەت لە ڕووی چاودێرییکردن و جێبەجێکردنی یاساکانەوە.
٥. بەرکارکردنی یاسای خانەنشینیی یەکگرتووی عێراق و بەرپاکردنی دادگەریی لە مووچەی خانەنشینیی لە هەرێمی کوردستان.
٦. هەموارکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و کاراکردنی، بە جۆرێك بگونجێت لەگەڵ بڕیار و فەرمانەکانی دادگای ناوبژیوانیی پاریس و دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقدا.
٧. هەمووارکردنەوەی یاسای (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی)، بە ڕەچاوکردنی بنەما ئیسلامیی و کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی خێزان لە هەڵوەشان و ڕێگرتن لە پشێویی کۆمەڵایەتی.
٨. ڕێگرتن لە دەستوەردان لە کاروباری دادگاکان و ڕێزگرتن لە فەرمان و حوکمە یاساییەکان و جێبەجێکردنیان.
٩. کاراکردن و جێبەجێکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، لەپێناو دەستگەیشتنی میدیاکار و هاووڵاتیان بە زانیارییەکان بە بێ هیچ جیاوازییکردنێك.
١٠. یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکانی دەستەی دەستپاکی تایبەت بە گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی.
١١. ئاشکراکردنی چارەنووسی گیراوانی سیاسی و بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ و ململانێ سیاسییەکان و یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکانیان.
١٢. هەڵوەشانەوەی یاسای تیرۆر کە بۆ پاکتاوکردنی نەیارانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەرکراوە و پێشێلکاریەکی ڕوونی مافی تاك و ئازادی ڕادەربڕینی حیزب و تاکەکانە.

## چوارەم: ئیسلام و بەها باڵاکان:

١. پارێزگارییکردن لە بیروباوەڕی خەڵکی مسوڵمانی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی یاساییانەی هەر بێڕێزیی و تێپەڕاندنێك بەرامبەریان.
٢. بەهێزکردنی پێکەوەژیانی ئایینی و ڕۆحیەتی لێبوردەیی و ڕێگرتن لە هەموو جۆر و شێوازەکانی تیرۆر و تۆقاندن و زۆرلێکردن، جا بە هەر ناو و ناونیشانێکەوە ئەنجام بدرێن.
٣. پەرەپێدانی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە و پارێزگارییکردن لە بەها بەرزەکانی ئیسلام، لە ڕێگەی بەهێزکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەکو (خێزان، مزگەوت، قوتابخانە، میدیا و سەنتەر و ڕێکخراوەکان).
٤. کردنەوەی شوێنی تایبەت بە نوێژکردن لە فەرمانگە و شوێنە گشتییەکاندا و گرنگیدان بە مزگەوت و شوێنەکانی خواپەرستی و نۆژەنکردنەوەیان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان.
٥. پاراستنی پێگەی مزگەوت و کەسایەتیی زانایان و مامۆستایانی ئایینی، بەپێی بنەما یاساییەکان و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی توانای زانستییان، لە ڕێگەی دامەزراوەی ئەکادیمی و فەرهەنگیی تایبەتەوە.
٦. ژیاندنەوە و سوودوەرگرتن لە کەلەپووری پێشین و زانایانی کورد و جیهانی ئیسلامیی و پاراستنی پێگە و شکۆیان.
٧. ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی ئایین و ئاینزاکانی تری هەرێمی کوردستان بەپێی بنەماکانی ئاینی ئیسلام.

## پێنجەم: ئابووریی و خۆشگوزەرانی:

١. هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەك تەنها پشت بە داهاتی کەرتی نەوت نەبەسترێت.
٢. گرنگیدان بە کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازیی و سازکردنی زەمینە بۆ خستنەگەڕی سەرمایەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ڕێکخستنەوەی وەبەرهێنان و ئاسانکارییکردن بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و دەرەوە و نەهێشتنی قۆرخکاریی حزبی لەو بوارەدا.
٣. گرنگیدان بە کەرتی تایبەت و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجانی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەك دەستی کاری ناوخۆیی شوێنی هێزی کاری بیانی بگرێتەوە. هەروەها هەموارکردنەوەی یاسای کار کە ببێتە مایەی بەدەستهێنانی ماف بۆ کرێکار و خاوەن پیشە و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینکردنی کرێکارانی کەرتی تایبەت.

٤. هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی پارەی زەوتکراو و مووچەی خوراوی فەرمانبەران کە بە نایاسایی و بە ناوەکانی (پاشەکەوت و لێبڕین و نەبوونی پارە و نەختینە)وە لێیان براوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

٥. تەرخانکردنی پشتیوانیی دارایی بۆ خێزانە هەژارەکان لە چوارچێوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی بۆ ئەو خێزانانەی لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، یان بۆ ئەو ئافرەتانەی هاوسەرەکانیان زیندانیین، یان لە ژیاندا نەماون، یان لێك جیابوونەتەوە، یان بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت.

٦. دەستپێکردنەوەی پێشینەکانی:(خانووبەرە، هاوسەرگیریی، کشتوکاڵیی، قەرزی بچووك)، بەبێ خستنەسەری هیچ سوود و ڕیبایەك و ڕێکخستنەوەیان بەو شێوەیەی لەگەڵ پێداویستییەکانی هاووڵاتیاندا بگونجێن.

٧. چاوخشاندنەوە بە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، کە لە خزمەت خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتدا بن.

٨. کارکردن لە پێناو بوژاندنەوە و هەمەجۆرکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان و لێدان و ڕاکێشانی ڕێگەوبان و شەقامی نوێ.

٩. پەرەپێدانی زیاتری کەرتی کشتوکاڵ و توانای جوتیار لە پێناو پاراستنی ئاسایشی خۆراك، بە شێوەیەك هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بەرهەمە سەرەکییە کشتوکاڵییەکان بگاتە خوددابینکاریی و هەناردەکردنیان بۆ دەرەوەی هەرێم.

١٠. گرنگیدان بە سامانی ئاویی و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی و گلدانەوەی ئاو لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداوی زیاتر، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی کەمئاویی و دابینکردنی ئاوی پاك بۆ هاووڵاتیان، بەپێی ستاندارە نێودەوڵەتییەکان.

١١. پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە گەشتیارییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان، بە ڕەچاوکردنی ئەدەبە گشتییەکان و پارێزگاریلێکردنی.

١٢. گرنگیدان بە گوندەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی گوندنشینان بە مەبەستی بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی.

١٣. قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی کارەساتە سروشتییەکانی وەکو (بوومەلەرزە و لافاو) و هەر ڕووداوێکی دیکە، لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی تایبەتەوە.

١٤. ڕێگرییکردنی یاسایی لە کارکردنی منداڵان و دابینکردنی بژێویی شایستە بۆ ئەو خێزانانەی بە ناچاریی ئەو کارە دەکەن.

١٥. جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگە و ماددەکانی یاسای ماف و ئیمتیازاتی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کورتەباڵاکان بە مەبەستی ڕەخساندنی ژیانی شایستە بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان.

## شەشەم: پەروەردە و فێرکردن:

١. هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی شایستە بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، بە جۆرێك لە پاڵ گرنگیدان بە فێربوونی زانست و زانیاریی، گرنگی بە پەروەردەی تاکەکان و قوتابیان بدات.
٢. کارکردن بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نوێ و هاوچەرخ کە توانای لەخۆگرتنی سەرجەم خوێندکارانی کوردستانیان هەبێت، بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە دیاردەی دوو دەوامی و سێ دەوامیی لە قوتابخانەکاندا.
٣. فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی خوێندن و پێداویستیی قوتابخانە و خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەیەکی تەندروست بۆ کادرانی پەروەردەیی بە گشتی.
٤. گرنگیدان بەخوێندنی ئامادەیی ئیسلامی و ڕەخسانی هەلی خوێندن بۆ دەرچوانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی بەجۆرێك مافیان هەبێت لە بەشێکی زیاتری کۆلێژ و پەیمانگاکان وەربگیرێن.
٥. برەودان بە خوێندنی پیشەیی و ئامادەکردنی کەسانی هونەریی و پیشەیی و بەستنەوەیان بە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستانەوە.
٦. پێداچوونەوە بە وانەی پەروەردەی ئیسلامیی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، بە جۆرێك ڕۆڵی کاریگەرتری لە پەروەردەکردنی نەوەکاندا هەبێت و وانەیەکی پەراوێزخراو نەبێت.
٧. چاکسازییکردن لە سیستمی زانکۆ و پەیمانگاکان و گرنگیدانی زیاتر بەو کۆلێژ و بەشانەی پێویستن بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و پێشخستنی کۆمەڵگە.
٨. دوورخستنەوەی دەستی حزب لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان و سەربەخۆکردنیان لە بڕیار و بودجە و چۆنیەتی خەرجکردنی و لادانی بەرپرسی ناشایستە تیایاندا.
٩. باشکردنی ئاستی گوزەرانی مامۆستایان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و کردنەوەی خول و ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی و لێهاتووییان.
١٠. کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانە ناحکومییەکان، بە جۆرێك لەگەڵ ئاستی گوزەرانی هاوولاتیان بگونجێت، شانبەشانی ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ قوتابیانی کەمدەرامەت.
١١. پەرەدان بە تەکنەلۆجیای فێرکردن و تێکەڵکردنی بە پرۆسەی پەروەردە لە سەرجەم بوار و قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا.

١٢. جەختکردنەوە و گرنگیدانی زیاتر بە خوێندنی بابەتەکانی: (ڕەوشت، ژینگە، مافی مرۆڤ و یاسا، هونەر و وەرزش، بەهاکان و قوڵکردنەوەی گیانی تەبایی و لێبوردەیی) لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.

١٣. پێدانی دەرماڵەی دارایی شایستە بە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و دابینکردنی بەشەناوخۆیی گونجاو بۆ قوتابیانی دەرەوەی شارەکان تاکو بتوانن بەبێ گرفت درێژە بە خوێندن بدەن.

## حەوتەم: کاروباری کۆمەڵایەتی:

١. باشکردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی چەمکی مرۆڤدۆستی و هاووڵاتیبوون.

٢. پەرەپێدانی کلتووری لێبوردەیی، ئاشتی، یەکدی قەبوولکردن، رێز و خۆشەویستی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانیی دا.

٣. پاراستنی مافەکانی ئافرەت و منداڵان، وەکو ئەوەی لە دەقەکانی شەریعەتدا هاتووە و لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، بەتایبەتیش پاراستنیان لە هەر جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونی.

٤. چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی رێککەوتن و جێبەجێکردنی دەقە شەرعیی و یاساییەکان و ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی نەرێنییانەی مەکتەب و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی حزب.

٥. کردنەوەی شوێنی حەوانەوە و خزمەتکردنی ئەو هاووڵاتیانەی تووشی نەخۆشیی دەروونی و ژیریی درێژخایەن بوون و چارەسەریان نییە. هەروەها گرنگیدانی زیاتر بە دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی و ماڵەکانی لەخۆگرتنی بەساڵاچوان و منداڵانی بێسەرپەرشت.

٦. کردنەوەی شوێنی تایبەت بە چارەسەری ئالوودەبوان بە ماددە هۆشبەرەکان و ئاگادارکرنەوەیان لە خراپیی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە رووی ئایینی و زانستییەوە و سەرلەنوێ گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە.

## هەشتەم: ژینگە و تەندروستی:

١.داخستنی سەرجەم پاڵاوگە و وێستگە نایاساییەکانی سووتەمەنیی کە هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی ژینگەی هەرێمی کوردستانن.
٢.پابەندکردنی سەرجەم کارگەکان بە ڕێنماییەکانی ژینگە و تەندروستی و زامنکردنی تەندروستی و سەلامەتیی هاووڵاتیان.
٣.دامەزراندنی سیستمی بەکارهێنانەوە (ڕیسایکلین) کە سوود وەربگرێت لە پاشماوەکان و بیانکاتەوە بە سەرچاوەی وزەی سوودبەخش.
٤.پارێزگارییکردن لە سروشتی کوردستان و رێگرتن لە شێواندنیان لە ژێر ناوی پڕۆژەی بازرگانی و نیشتەجێبوون، لەگەڵ زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی بە پێی ستاندارده کارپێکراوەکان.
٥.بەهێزکردنی چاودێریی خۆراك و دەرمان و رێگرتن لە هاتنەناوەوەی خۆراك و دەرمانی خراپ و ماوەبەسەرچوو، ڕێگریکردن لە قۆرخکاریی بازرگانیکردن بە دەرمان.
٦.دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێشکەوتوو، بە ڕەچاوکردنی دەستەبەری چارەسەرکردنی بێبەرانبەر بۆ هاووڵاتیان و گرنگیدان بە بنەمای خۆپاراستن پێش چارەسەرکردن.
٧.کارکردن بۆ باشکردنی گوزەران و ژیانی ژینگەپارێزان و زامنکردنی مافەکانیان.
٨.بەهێزکردنی ڕۆڵی چاودێریکردنی تەندروستی بۆ ( بازاڕ، مزگەوت، چێشتخانە، سەیرانگا) و شوێنە گشتیەکان.

## نۆیەم: وەرزش و لاوان:

١.ڕێگرییکردن لە کۆچی گەنجان بە فەراهەمکردنی پێداویستییەکانیان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان.
٢.چالاککردنەوەی پێشینەکانی خانووبەرە و هاوسەرگیریی و پێدانی قەرزی بچووك بە گەنجان و لاوان تاوەکو بتوانن پڕۆژەی بچووکی ئابووریی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن.
٣.ڕێگرییکردن لە ئالوودەبوونی لاوان بە جگەرە و نێرگەلە و ماددە بێهۆشکەرەکان و سزادانی ئەو کەس و لایەن و بازرگانانەی کارئاسانی بۆ تەشەنەکردنی ئەو حاڵەت و دیاردانە دەکەن.
٤.گرنگیدانی زیاتر بە بواری وەرزش بە کردنەوەی یاریگا و مەلەوانگە و کۆمەڵگە و سەنتەری وەرزشیی حکومیی بێبەرانبەر بۆ هاووڵاتیان بە گشتی و توێژی لاوان بە تایبەت.
٥.ڕزگارکردن و دەرهێنانی کایەی وەرزش لە ژێر دەست و هەژموونی حزب و کەسانی دەستڕۆیشتووی حزبەکان و سەربەخۆکردنی یانە وەرزشییەکان.